
KURDISTAN FILM FUND
یاسای پاراستنی زانیاری نهێنی

یاسای پاراستنی زانیاری نهێنی

ئەم ڕێسایانە تەواوکەری یاسا و ڕێنماییەکانی سندوقی فیلمی کوردستانن و دەبنە بنەمای کارکردن بۆ پێشکەشکاری داواکاری، ستاف، کەسانی پیشەیی دەرەکی و ئەندامانی دەستەی دادوەری.
لە کاتی هەبوونی هەر ناتەباییەک، نوێترین یاسا و ڕێنمایی سندوقی فیلمی کوردستان بەکاردەهێندرێت.

2. زانیاری نهێنی و یاسای بەڕێوەبردنی زانیاری

2.1 بنەما

سندوقی فیلمی کوردستان درکی پێدەکات کە ڕەنگە داواکارییەکان زانیاری نهێنی، زانیاری بازرگانی، هەستیار، هونەری، دارایی، یاسایی یان تاکەکەسی تێدابێت.
پێویستە سندوقی فیلمی کوردستان ڕێگای ڕێکخراوەیی و تەکنیکی پێویست بگرێتە بەر بۆ پاراستنی زانیاری داواکارییەکان و ڕێگری بکات لە دەستپێگەیشتنی کەسانێک کە بەشدارن لە باری کارگێڕی، هەڵسەنگاندنی شیاوی، هەڵسەنگاندن، ئامادەکردنی گرێبەست، سەرپەرشتی و وردبینی سندوقەکە.

2.2 ئەو زانیارییانەی دەیگرێتەوە

زانیاری نهێنی دەکرێت هەریەک لەمانە بگرێتەوە:

- سیناریۆ
- تریتمێنت
- ڕێساپەرتووکی زنجیرە
- پوختە (سینۆپسس)
- بابەت و ئامرازی پەیوەندیدار بە فیلمی بڵاونەکراوە
- مۆنتاژی سەرەتایی
- بابەتە بینراوەکان
- بودجە
- نەخشەی دارایی
- گرێبەستەکان
- ڕەشنووسی ڕێکەوتن
- گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش
- بەڵگەنامەی ناسنامەی کەسی
- بەڵگەنامەی ڕەچەڵەک
- زانیاری بانکی
- بەڵگەنامەی کۆمپانیاکان
- نمرەی دەستەی دادوەری
- سەرنجی دەستەی دادوەری
- تۆماری کۆبوونەوەکان
- تێبینی ناوخۆیی ستاف
- ڕاپۆرتی چاودێری پاڵپشتی
- زانیاری دیکەی بڵاونەکراوە بە شێوەی گشتی کە پێشکەش کرابێت یان لەلایەن خودی سندوقەوە دروست کرابێت.

2.3 کێ دەتوانێت دەستی بگات بە زانیاری داواکری

تەنیا لە کاتی پێویستدا دەبێت دەستپێگەیشتن دابین بکرێت بۆ:

- ستافی ڕێپێدراوی سندوقی فیلمی کوردستان
- سەرپەرشتیاری پڕۆگرام
- بەڕێوەبەرایەتی سندوق

- هەڵسەنگێنەرانی شیاویی
- شارەزایانی کلتووری کوردی
- ئەندامانی دەستەی دادوەری
- ڕاوێژکارە ڕێپێدراوە یاسایی و داراییەکان
- وردبینەکان
- دابینکەرانی خزمەتگوزاری تەکنیکی کە پلاتفۆرمی پێشکەشکردنی داواکاری بەڕێوەدەبەن
- کەسانی دیکە کە ڕێپێدانی تایبەتی سندوقی فیلمی کوردستانیان هەبێت، لە کاتی پێویستدا، بۆ کارگێڕی سندوق.

پێویستە دەستپێگەیشتن سنووردارێت بەپێی ڕۆڵ و پێویستی کارگێڕی کەسەکە.

2.4 پابەندییەکانی پاراستنی زانیاری نهێنی

ستاف، کەسانی شارەزا و ئەندامانی دەستەی دادوەری نابێت:

- بابەتی پەیوەندیدار بە داواکاری پێشکەشکراو لەگەڵ کەسانی ڕێپێنەدراو بەش بکەن
- جگە لە کاتێک بۆ کاری سندوق پێویست بێت، نابێت بابەتی پەیوەندیدار بە داواکاری پێشکەشکراو دابگرن، بەرهەمبهێننەوە یاخود بڵاو بکەنەوە
- زانیاری داواکارییەک بۆ سودی کەسی یان پیشەیی بەکار بهێنن
- زانیاری نهێنی پڕۆژەیەک بە شێوەیەکی گشتی باس بکەن
- گفتوگۆی دەستەی دادوەری، نمرە، یاخود ڕای تایبەت بەش بکەن
- بابەتی پەیوەندیدار بە داواکارییەک لای خۆیان بۆ بەکارهێنانی ناپەیوەست بهێڵنەوە
- کۆنسێپت، سیناریۆ، زانیاری دارایی یاخود پەیوەندی پیشەیی پێشکەشکارێک بۆ پڕۆژەیەکی دیکە بەکار بهێنن.

2.5 زانیاری نهێنی دەستەی دادوەری

دەبێت دەستەی دادوەری مامەڵەی زانیاری نهێنی لەگەڵ ئەم بابەتانە بکەن:

- شوناسی پێشکەشکاران بەر لە بڵاوبوونەوەی فەرمی، بەپێی گونجان
- وردەکاری داواکارییەکی پێشکەشکراو
- نمرەکان
- هەڵسەنگاندنی تاکەکەسیی دەستەی دادوەری
- کۆبوونەوە و وتوویژەکان
- بڕیارە ناکۆتاییەکان
- بڕیاری کۆتایی بەر لە بانگەوازی فەرمی
- بڕی پاڵپشتییەکان بەر لە پەیوەندی فەرمی

وتوویژی دەستەی دادوەری نهێنین و نابێت لەگەڵ پێشکەشکاریان لایەنی سێیەمدا باس بکرێن.

2.6 زانیاریی کەسیی پێشکەشکار

- پێویستە زانیاریی کەسی تەنیا بۆ کار و پێویستی سندوق کۆبکرێتەوە و بەکاربهێندرێت، لەوانەش:
- دووپاتکردنەوەی شیاویی
- کارگێڕی داواکاری پێشکەشکراو
- هەڵسەنگاندن
- گرێبەست
- پارەدان
- چاودێری
- وردبینی
- ڕاپۆرت
- شیکاری ئاماری یان دامەزراوەیی
- پابەندبوون بە ئەرکە یاساییەکان

زانیاریی کەسیی نابێت لەگەڵ لایەنی دەرەکی باس بکرێت مەگەر بۆ کاری کارگێڕی سندوق پێویست بێت، پێشکەشکار ڕێگای پێ دابێت، یاخود یاسا داوای بکات.

سوپاس

ئیمەیڵ

info.fund@creativekurdistan.krd

بۆ پەیوەندی

+964 (772) 139 2923

ناونیشان

تەلاری هێرا، شەقامی میدیا، نهۆمی 3، شوقەی-30 31،
سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق



KURDISTAN FILM FUND